# ون



ئیلهام مورادی

ئەگەر لە زەریای چاوەکانتدا نەخنکام
ئەگەر قووڵایی تەنیاییدا ون نەبووم
لە قومێ دڵتەنگیدا نغرۆ دەبم
هەڵواسراوان بە پێڵاوەکانمدا
درێژترین شەقامەکانی جیهان
سەرمەستبووم بە سەمای بسک و با
قاقرستانی دووریت دامیگرت
تا شەپۆلێکی یاخی
یاخی وەک مانەوە لەنێو وەنەوزی گوڵ
زەردەخەنەیەکت پاڵی نا بە خەیاڵەپەمەییەکانمەوە
تا لە دوورترین شوێنی ئەم گەردوونە
هەڵهاتم غەریب
تا لە مەگروون پیرتر*
تا قورنەی چوار**

*پیرەمەگروون، شارۆچکەیەک لە سلێمانیی.
**چوارقورنە، شارۆچکەیەک لە سلێمانیی.